# ناملیکە بۆ نەخۆشەکان بەپێی یاسای یارمەتیدان و پێوانەکانی پاراستن بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان (PsychKG NRW)

ڕۆژ باش (ناو/ناوی سیانی): ______________________________،

ئێمە دەمانەوێ یارمەتیت بدەین تا بەزوویی حاڵت باش بێتەوە.

لەڕێی ئەم ناملیکەیەوە پێمان خۆشە سەبارەت بە گرنگترین ماف و ئەرکەکانت ئاگادارت بکەینەوە. دەقی جێبەجێنەکراوی یاساکە دەتوانرێت لەسەر وێستگەکە ببینرێت.

## هۆکاری گیرسانەوە لە نەخۆشخانە

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

تۆیان هێناوە بۆ ئەم نەخۆشخانەیە چون نەخۆشی و بەپێی هەڵسووکەوت و جووڵانەوەت جێی مەترسیی بۆ خۆت یان کەسانی تر.

ئەم یاسایەی ڕێگە بەوە دەدات، پێی دەوترێت یاسای یارمەتیدان و پێوانەکانی پاراستن بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان. کورتکراوەکەی دەبێتە «PsychKG NRW».

## بڕیاری دادگا (PsychKG NRW 14 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئەگەر پێویست بێت لە نەخۆشخانە بمێنیەوە، ئەوە لەلایەن دادوەرێکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

دادوەرەکە ئەمڕۆ دێت یان سبەی، بۆ ئەوەی سەبارەت بە نەخۆشییەکەت قسەت لەگەڵ بکات. تۆ دەتوانی هەموو شتێک بە دادوەر بڵێی. تۆ مافی پارێزەرت هەیە.

ئەگەر دادوەرەکە نەهات، ئەوە دەنێردرێیەوە ماڵێ. ئەگەر دوکتوری بەرپرس پرۆسەیەکی نوێی PsychKG دەست پێنەکات.

تۆ دەتوانی لەماوەی دوو هەفتەدا لە دژی بڕیاری دادوەر، سکاڵا لە دادگا تۆمار بکەیت. کارمەندانی وێستگەکە لە سکاڵاکەدا یارمەتیت دەدەن.

## بەڵگەنامەکردن – مافی پشکنین (PsychKG NRW 16 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

لەکاتی چارەسەرکردندا چی ڕوودەدات، کارمەندەکان هەمووی دەنووسن. ئەگەر هەست بە باشتربوون بکەیت، ئەوە دیسان پێوانە زۆرملێکان لەگەڵت باس دەکرێت.

تۆ بۆت هەیە هەر شتێک کارمەندەکان لەسەر تۆ نووسیویانە، بیخوێنیەوە.

ئەوە پێی دەڵێن مافی پشکنین.

## چوونە دەرەوە (PsychKG NRW 1. Abs 16 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

تۆ بۆت هەیە هەموو ڕۆژێ لانیکەم بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بچیە دەرێ بۆ ناو باخەکە یان سەر هەیوانەکە.



## پشکنینی پزیشکی بەپێی وەرگیران (PsychKG NRW 17 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

دوکتورێک بە زووترین کات پشکنینی پزیشکیت دەکات.

دوکتورێک دەستنیشانی دەکات ئاخۆ تۆ ئێستاش جێی مەترسیت بۆ خۆت و خەڵکی تر.

## ئاگادارکردنەوەی کەسێکی باوەڕپێکراو (PsychKG NRW 17 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئەگەر پێت خۆش بێت، کەسێکی باوەڕپێکراو (هاوڕێ، بنەماڵە، چاودێر) ئاگادار دەکەینەوە کە تۆ لە نەخۆشخانەی.

ئەگەر پێت خۆش بێت، دەتوانین پارێزەرێک ئاگادار بکەینەوە.

ئەگەر چاودێرێکی یاساییت هەبێت ئەوە بەشێوەیەکی خۆکارانە ئاگادار دەکرێتەوە.

ئەم کەسانە دەتوانن لە وتووێژەکەت لەگەڵ دادوەردا بەشداری بکەن.

## چارەسەر (PsychKG NRW 18 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئێمە دەتوانین نەخۆشییەکەت چارەسەر بکەین. تۆ تەنیا کاتێک چارەسەر دەکرێی کە بەم شتە ڕازی بیت. ئەمە پێی دەڵێن ڕەزامەندی. ئەوە هەروەها بۆ دەرمانیش دەگونجێت. بۆ ئەم یاسایە جیاکاری هەیە. چارەسەری پێویستە بەوردی لەگەڵ ئێوە باس بکرێت.

1. جیاکاری:
دوکتورێک دەتوانێت لەدژی ویستی تۆ چارەسەرت بکات ئەگەر بەهۆی نەخۆشییەکەتەوە مەترسییەکی گەورە هەبێت.

مەترسییەکی گەورە کاتێک هەیە ئەگەربەهۆی هەڵسووکەوتی پەیوەندیدار بە دۆخی نەخۆشییەکەتەوە مەترسی لەسەر ژیان یان مەترسی تەندروستی بۆ تۆ و کەسانی تر هەبێت.
وەک یاسا، چارەسەری ناچاری کاتێک بەڕێوە دەچێت ئەگەر دادوەرێک بڕیاری لەسەر دا بێت.

2. جیاکاری
زۆر بەدەگمەن دوکتورێک دەتوانێت چارەسەری ناچاری بەبێ پرسکردن بە دادوەرێکەوە، بەڕێوە ببات. ئەوە تەنیا کاتێکە کە دوکتورەکە پێی وایە چیدی

ناکرێت چاوەڕوانی هاتنی دادوەر بێت –
چون لەوانەیە شتێکی خراپ بقەومێت.

ئەم دوو جیاکارییە پێیان دەوترێت
چارەسەری ناچاری.

## پێوانەی ئەمنی تایبەت (PsychKG NRW 20 §)

## زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئەگەر تۆ بەتایبەت خۆت یان کەسانی تر
بخەیە مەترسییەوە، ئەوە دوکتور بۆی هەیە
ئەم پێوانانە لەبەرچاو بگرێت:

1.) تۆ هەروەها بۆت نییە بچیە دەرەوە
یان
2.) بەتەنیا لە ژوورێک دەکرێی و درگاکەشی
دادەخرێت
یان
3.) کارمەندەکان لەوانەیە دەستبەسەرت
بکەن،
یان
4.) کارمەندەکان بۆیان هەیە لەسەر
جێگاکەت بتبەستنەوە.

ئەم پێوانانە تەنیا و تەنیا کاتێک ڕێپێدراون،
ئەگەر هیچ شتێکی تر یارمەتیدەر
نەبێت. ئەم پێوانانە پێویستە دەستبەجێ
بوەستێندرێت، کاتێک چیدی مەترسییەک
لەگۆڕێ دا نەبێت.

ئەگەر پێویست بێت بۆ ماوەی زیاتر لە 30
خولەک ببەسترێیەوە، دادوەرێک دەبێت
ڕێگەی پێبدات.

ئەگەر هەموو شتێک باشتر بۆوە، دەتوانی
داوا لە دادوەرێک بکەیت کە پێداچوونەوە
بکات ئاخۆ بەسترانەوەکەت ڕەوا بووە.

K

## کۆتایی هێنان بە گیرسانەوە لە نەخۆشخانە (PsychKG 25 § PsychKG und 15 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

هەموو ڕۆژێ پێداچوونەوە دەکرێت ئاخۆ گیرسانەوە لە نەخۆشخانە پێویستە.

ئەگەر حاڵت باشتر بۆوە، دەکرێت:

- مۆڵەتی پشووت بدرێتێ، یان
- لە نەخۆشخانە بچییە دەرێ، یان
- ڕێگە بدەی لەسەر ویستی خۆت چارەسەر بکرێی.

## کەلوپەلی تایبەت بەخۆ، میوان و سەردان، پێوەندی و مێدیا، جگەرەکێشان (PsychKG 22 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

شتە مەترسیدارەکان دەبێت ڕادەستی کارمەندی چاودێری بکەن. کاتێک لە نەخۆشخانە چوویە دەرێ، ئەم شتانەت وەردەگریەوە.

تۆ ڕێگەت پێدراوە، موبایلەکەت و لەپتۆپەکەت بەکاربێنی. دەتوانی نامە بنێری. هەروەها دەتوانی نامەت پێبگات. ئەگەر پێت خۆش بوو، دەتوانی میوانت هەبێت.

تکایە ڕێز بگرن لەو کەسانەی تر کە لە وێستگەکە دەمێننەوە.

تەنیا لە شوێنی تایبەت بە جگەرەکێشان دەتوانی جگەرە بکێشی. ئەو شوێنەی بە ڕوونی نیشان دراوە.

بەبێ ڕەزامەندی، تۆ ڕێگەت پێنادرێ وێنە و تۆماری دەنگی کەسانی ترلە کلینیکی LVR بگری.

## تێچوونی چارەسەری

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئەگەر بیمەی تەندروستیت نییە، ئاگادارمان بکەوە. خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کلینیکی LVR بۆ ئەمە یارمەتیت دەدات.

## ڕێکەوتننامەی چارەسەر، ڕێکەوتنامەی نەخۆش (PsychKG NRW 2 §)

### زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

لەوانەیە وا هەڵکەوێت کە جارێکی تر لەلای ئێمــە پێویستت بە چارەسەری هەبێت.

بۆ ئەوەی بزانین چۆن بە باشترین شێوە چارەسەرت بکەین، دەتوانی لەگەڵ دوکتور لەسەر ڕێککەوتنێکی نووسراو پێک بێن. بەوە دەڵێن ڕێکەوتننامەی چارەسەر

هەروەها وەسێتنامەی نەخۆش ڕەچاو دەکەین.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لەپاشان بۆ هەموو ئەندامانی بەشداربوو دەبێت.

K

## سکاڵاکان (§ 24 PsychKG NRW)

## زانیاری کورت (تێگەیشتنی ئاسانە)

ئەگەر ناڕازی، دەتوانی سکاڵا بکەی.

چەند دەرفەتی جیاواز هەیە. کورتکراوەیەک لە وێستگەکەدا نیشاندراوە. یان دەتوانی لە کارمەندەکان پرسیار بکەی.

ڕێگەی تر هەن بۆ سکاڵا دەربڕین (بۆ ناوونیشانەکان بڕوانە پاشکۆ):

**ئێمە داوای زوو چاکبوونەوەت بۆ دەخوازین!**
**کلینیکی LVRی تۆ**

## پاشکۆ:

# دەرفەتەکانی سکاڵا دەربڕین

تۆ هەمیشە دەرفەتی سکاڵا دەربڕینت هەیە، بۆ وێنە سەبارەت بە چارەسەری یان شتی تر.

**1. کارمەندەکانی شوێنەکە لە وێستگەکە:**

لەگەڵ کارمەندەکانی بەشی خزمەتگوزاری چاودێری، بەشی پەرستاری یان بەڕێوەبەرایەتی و هەروەها دوکتورەکان قسە بکە.

یان:

**2. قسەکەری نەخۆشە سەربەخۆکان لەم شوێنە پێیان دەگوترێت کەسە چاودێرەکان لە کلینیک:**

بۆ پشتگیری نەخۆشەکان لە کلینیکی LVR کەسە چاودێرێکی سەربەخۆ دەستنیشان کراوە کە کاتت بۆ دادەنێت و لەگەڵ ئەو دەتوانی باسی نیگەرانییەکانت لە شوێنەکە بکەی. کاتی خزمەتگوزاری و هەروەها ژمارە تەلەفۆنی کەسە چاودێرەکە دەتوانی لە بەشی زانیاری هەڵواسراوی وێستگەکە لەو شوێنە وەرگری.

یان:

**3. هەروەها لەو شوێنە دەستت ڕادەگات بە بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی کلینیکی LVR کە بەپێی نۆرە گرتنەوە دڵخۆشن بە یارمەتیدانت لە چاوپێکەوتنێکدا:**

کارمەندەکانی وێستگەکە دڵخۆش دەبن بۆ یارمەتی کردنت لە گرتنەوەی نۆرەیەک لەگەڵ دوکتورەکاندا.

داتاکانی پێوەندی گرتنی بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی کلینیکی LVR:

K

یان:

**4. لە دەرەوەی کلینیکی LVR دەتوانی بۆ سکاڵاکردن پەیوەندی بگریت بە:**

ناوەندی بەڕێوەبردنی سکاڵای کۆمەڵەی هەرێمی ڕاینلەند.

کۆمەڵەی هەرێمی ڕاینلەند/ ZBM

Köln 50663

تەلەفۆن: 2255 0221/809، ئیمەیل: beschwerden@lvr.de

یان:

**5. لە کۆتاییدا، تۆ دەتوانیت پەیوەندی بگریت بە ناوەندی ڕاوێژکاری سەربەخۆ بۆ پسپۆڕانی دەروونی لە ناوچە جیاوازەکان، بۆ نموونە:**

**ناوچەی کۆڵن/Region Köln**

ئەنجومەنی سکاڵای گرووپی کاری کۆمەڵایەتی دەروونی (PSAG) کۆڵن

، c/o Rat und Tat e.V. Kempener Str. 135, 50733 Köln

تەلەفۆن: 1686 0163/383 ، ئیمەیل: beschwerderat@web.de

**ناوچەی دوسلدۆرف/Region Düsseldorf**

ئۆفیسی سەربەخۆی سکاڵا، گروپی کاری کۆمەڵایەتی دەروونی (PSAK) دوسلدۆرف

Kölner Str. 180, 40227 Düsseldorf

تەلەفۆن: 2622 0211/899 پەیام وەرگر،

ئیمەیل: psag_beschwerdestelle@duesseldorf.de

### ناوچەی دویسبۆرگ-ئێسن/Region Duisburg-Essen

ئۆفیسی سەربەخۆی سکاڵا، گروپی کاری کۆمەڵایەتی دەروونی (PSAK) دویسبۆرگ
,c/o Gesundheitsamt Herr Marcel Hellmich
Ruhrorter Straße 195, 47119 Duisburg
تەلەفۆن: 0203/283 2709 ، ئیمەیل: beschwerdestelledu@gmx.de

### ناوچەی کرێفێلد/Region Krefeld

ئۆفیسی سکاڵای کۆمەڵایەتی دەروونی کرێفێلد
Krefeld 47798 ,134 Westwall
تەلەفۆن: 261 02151/389 پەیام وەرگر، ئیمەیل: beschwerdestelle@psag-krefeld.de

### ناوچەی ڤیەرسن/Region Viersen

ئۆفیسی سکاڵای کۆمەڵەی دەروونی شارەوانی ناوچەی ڤیەرسن
پەیوەندی: BIS e.V., Klosterstr 5, 41379 Brüggen
تەلەفۆن: 02163/5622 ، ئیمەیل: info@bis-brueggen.de

K

یان:

**6. ئەگەر ئەو بۆچوونەت هەیە کە داوا و نیگەرانییەکەت بەتەواوەتی ڕەچاونەکراوە، تۆهەلی ئەوەت هەیە کە سکاڵاکەت بۆ حکوومەتی سەرپەرشتیاری ناوچەکە بەگوێرەی PsychKG 30 § ڕادەست بکەی:**

- Bezirksregierung Köln, Krankenhausaufsicht, Postfach, 50606 Köln
- Bezirksregierung Düsseldorf, Krankenhausaufsicht, Postfach 300865, 40408 Düsseldorf

**پاشماوە:**
چاپی دووەم، ئۆکتۆبەری 2022
بەرپرسی ناوەرۆک:
LVR-Dezernat 8/ 84.20 لە پەیوەندی لەگەڵ 81.30
(بەشی یاسایی). پەیوەندی: Uwe Blücher 84.20.

**بەشداران:**
بەتاقیکاری پرۆسەکراوە لەلایەن: هاوڕێی کلینیکەکانی LVR، نوێنەرایەتی خزمان، پسپۆڕی پزیشکی دەروونی و چارەسەری دەروونی، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری پەرستاری، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان، بەڕێوەبەری پرۆژەی لاوەکی SEIB، فەرمانبەری تێکەڵاوی و یەکخستن، ZBM ، بەڕێوبەرایەتی پەرستاری و هەروەها بەڕێوبەرایەتی پزیشکی کلینیکەکانی LVR ، کە زۆر گرنگە بۆ بەشداربووانی پراکتیکی ئەم نامیلکەیە.

**پێشکەشکردنی دەق:** بە زمانی ئاسان بۆ تێگەیشتنی (هاووڵاتیان) لەسەر بنەمای یاساکانی زمانی ئاسان
(Verein Netzwerk Leichte Sprache e.V.) هەروەها ژمارە دووی Rundverfügung هی 1 LVR-Dezernat.

**زمان:**
32 وەرگێڕانی نامیلکەی PsychKG بەردەستە.

ئاشکراکردنی دەرەکی نامیلکە لەگەڵ تێبینی مافی چاپی گونجاوە:
© LVR-Klinikverbund und Verbund Heilpädagogischer Hilfen